Kurdisk




## .مافی یاسایی و یارمەتی بۆ ئەم کەسانەی کە لە نەرویژ قوربانی کردەوەی تاوانکاری بوون

ئەگەر تۆ  بە شێوەی فیزیایی و /یان دەروونی کەوتوویتە بەر قوربانی تاوانبارانەی کەڵکوەرگرتنی سێکسی، مارەکردنی زۆری یان بازرگانی مرۆڤ ، لە ڕوانگەی یاسایی¬یەوە مافی وەرگرتنی یارمەتی و پارێزگاریتان هەیە. ئەم برۆشوورە چەندین زانیاری سەبارەت بەم شتانەی کە مافت پێوەیە و شوێنێک کە بۆ وەرگرتنی .یارمەتی دەبێ سەردانی بکەیت، پێشکەشی تۆ  دەکات

”هیچ کەسێک نازانێت لە ناو ماڵەکەمدا چ ڕوو دەدات. تەنیا خۆمم کە دەتوانم ئازار و ئێشی خۆم هەست پێ بکەم.“

(خەڵکی  پونۆ، پێرۆ Mazocruz وتەی وەرگیراو لە ژنێکی)



دابینکردنی ئەم نامیلکەیە بە یارمەتییەکانی ئابووری وەزارەتی داد و ئاسایشی گشتی، پشتگیری کراوە

# ١. توندوتیژی

## 1.1 تۆ قوربانی کردەوەیەکی تاوانبارانە بووی گەر کەسێک:

لە تۆ بدات، شەق باوێت، تێبکۆشێت تاکوو تۆ بخنکینێت یان بە چەقۆ یان هەر شتێکی تر تۆ بریندار بکات.

- ببێتە هۆی زیان پێگەیاندن بە تۆ، بۆ نموونە برینی توند، ئیلتیهاب یان شکانی ئێسقان
- تۆ بە پێچەوانەی داخوازی خۆتان مەجبوور بە کردەوەی سێکسی بکەن.
- هەڕەشەت لێ بکەن بە وتنی ئەمە کە دەکوژرێی یان بە شێوەیەکی مەترسیدار بریندار دەکرێیت.
- بە پێچەوانەی داخوازی خۆت ناچار بە هاوسەرگیریت بکەن (مارەبڕینی زۆری)
- بازرگانی مرۆڤت پێبکەن (تۆ دەتوانی زانیاری زۆرتر سەبارەت بە بازرگانی مرۆڤ لە بەشی ١.٢دا ببیننەوە)
- خەتەنەت بکەن(خەتەنەی ئافرەتانە)
- لە بواری جەستەییەوە سەربەستیت لێبستێنن، بۆ نموونە تۆ لەناو ماڵدا دەستبەسەرت بکەن.

کردەوەی تاوانکارانە ، لە کاتێکدا کە منداڵی تۆ بکەوێتە بەر قوربانی توندوتیژی یان کەڵکوەرگرتنی سێکسیش، ڕوو داوە.

هەڕەشە و ترساندن و کەڵکوەرگرتنی درێژخایەنیش تاوانن، سەرەڕای ئەمە کە زیانی فیزیایی یان دەروونی کە تۆ بەهۆی کردەوەی وا تووشی دەبیت.

کردەوەی وەها تاوانن، تەنانەت ئەگەر کەسی مەبەست:

- هاوسەری ئێستا یان پێشوو یان هاوماڵ/هاوڕێی کوڕ/هاوڕێی کچی تۆ بێت.
- دایک و باوک، زڕباوک و زڕدایکی تۆ بێت.
- منداڵەکانی تۆ بن.

کەسێک لەناو خێزاندا بێت، یانی کەسێک کە لەگەڵ تۆ دەژیت و کەسێک کە لەگەڵ تۆ لەناو یەک ماڵ دایە.

کردەوەی وەها هەروەها لە کاتێک کە کەسی تاوانکار لە کاتی تاواندا لەژێر کاریگەری ئەڵکۆڵ یان مادەی بێهۆشکەریشدا بێت ، تاوان دێتە ئەژمار.

## 1.2چ کاتێک بوویتە قوربانی بازرگانی مرۆڤ؟


گەر کەسێک بە بەکارهێنانی توندوتیژی، هەڕەشە، کەڵکوەرگرتن لە دۆخێکی ئازارهێنەر یان کردەوەیەکی نەشیاو تووشی کردەوەکانی خوارەوە بێت:

1. لە تۆ بۆ لەشفرۆشی یان مەبەستەکانی تری سێکسی کەڵکوەرگرێت.
2. تۆ مەجبوور بە سواڵکەری یان ئیشێکی تر بکات
3. تۆ بە زۆر بەکار بهێنێت بۆ بەشداری لە خزمەتگوزاری چەکداری چالاک لە وڵاتێکی بیانیدا
4. ئەندامەکانی لەشت بە پێچەوانەی خواستی خۆت هەڵگرێت.

## 1.3  تۆ خراپت مامەڵە لەگەڵ کراوە گەر:

- گەر نەتوانیت داهاتی خۆت ڕاگریت، یان تەنیا نەتوانی بەشێکی کەم لە داهاتی خۆت ڕاگریت.
- تووشی قەرزدارییەک بیت کە لەڕاستیدا هی خۆت نییە، و ناچار بە دانەوەی بیت.
- توانای هەڵبژاردن سەبارەت بە کات و شوێنی کەسب و کاری خۆت نەبیت، و هەروەها گەر تۆ نەتوانیت کارەکە بە دڵی خۆت ڕاگریت
- کەسایەتی و بەڵگەکانی سەفەرکردنی نادروست بدرێ بە تۆ، و هەروەها تۆ کۆنترۆڵی بەڵگەکانی خۆت نەبێت، یان گەر هیچ جۆرە بەڵگەیەکت نەبێت.

**خراپ مامەڵەکردن لە دۆخێکی زیان هێنەر کاتێکە کە کەسێک تۆ ناچار دەکات بکەویتە ناو دۆخێک کە هەست بکەیت لەڕاستیدا هیچ هەڵبژاردنێکی ترت نییە.**



## 2. لەکوێ دەتوانی یارمەتی وەرگریت؟

گەر تۆ قوربانی کردەوەیەکی تاوانکارانە بیت، دەتوانی لەگەڵ ناوەندێکی قەیران پەیوەندی بگریت. تۆ دەتوانی پەیوەندی بگریت و سەبارەت بە مافی خۆت زانیاری و ڕاوێژکاری وەرگریت، یان دەتوانی بۆ گفتوگۆیەک ئامادە بیت و وەدواکەوتنی کردەوەیەک وەرگریت. دەتوانی ژمارە تەلەفۆنەکانی ناوەندی قەیران لە ماڵپەڕی خوارەوەدا ببینییەوە: www.krisesenter.com هەروەها لە کاتێکدا کە پێویست بە یارمەتی و پاڵپشتی هەبێت، تۆ و منداڵەکانت دەتوانن بەخۆرایی لەوێدا بۆ ماوەیەک نیشتەجێ بن.

هەروەها دەتوانی لەگەڵ ئەوانەی خوارەوە پەیوەندی بگریت:

- پۆلیس- ژمارەی پۆلیسی ناوچەی تۆ 02800
  ژمارەی پەیوەندی فریاکەوتن 112.
- نووسینگەکانی ڕاوێژکاری قورربانیانی تاوان
  تەلەفۆن: 077 20 815، www.kriminalitetsofre.no
- ROSA (سەقامگیری دووبارە، ڕێکخستنی شوێنەکانی خاترجەم بۆ نیشتەجێبوون، ئاسایش، یارمەتی)، پێشکەش کردنی ڕاوێژکاری و زانیارییەکان بۆ هەر کەسێک کە قوربانی بازرگانی مرۆڤ بێت. تەلەفۆن: 60 11 33 20، www.rosa-help.no
- هێڵی پەیوەندی تایبەت بە مارەبڕینی زۆری و خەتەنەی ژنانی خاچی سووری نەرویژی ، تەلەفۆن: 201 55 815
- تیمی پسپۆڕی بەرگری لە مارەبڕینی زۆری و خەتەنەی ژنان: تەلەفۆن: 50 90 80 47،
- kompetanseteamet@imdi.no
- لەگەڵ هێڵی بێ بەرامبەر ی(بەخۆڕایی) نیشتیمانی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ئەندامی بنەماڵە و دەستدرێژی سێکسی پەیوەندی بگرن - تەلەفۆن: 000 57 800
- بۆ بەدەستهێنانی ڕاوێژ و ڕێنموونی بێ بەرامبەر(بەخۆڕایی) پەیوەندی بگرن
  تەلەفۆن: 008 40 800، www.Stottetelefon.no
- ناوەندی دەستدرێژی یان ناوەندی ڕووداو و فریاکەوتنی(A&E) ئەم ناوچەیەی تێیدا دەژیت و یان تێیدا نیشتەجێ بوویت.
- ناوەندەی تەندروستی، و یان نووسینگەی ڕاوێژکاری بنەماڵە لەم شوێنەی کە ژیان دەبەیتە سەر.

# ٣. ئیجازەنامەی نیشتەجێبوون لە نەرویژ بۆ ئەو هاوسەرانەی کە کەوتوونەتە بەر ئازار و ئەشکەنجەوە


داواکاری بکەیت. گەر تۆ بەر لە پێدرانی ئەم مۆڵەتە لە هاوسەرەکەت جیا ببیەوە، لە ڕاستیدا ئیتر ڕێگەت نابێت کە لە نەرویژ بمینیتەوە.

هەرچەندە، گەر تۆ یان منداڵەکانت کاتێک کە بەیەکەوە دەژیان لە باری دروونییەوە خراپ مامەڵەتان لەگەڵ کرابێت، دەتوانی داواکاری مۆڵەتی نیشتەجێبوون بکەیت. ئەم بابەتە گەر تۆ یان هاوسەرەکەت پەیوەندیتان بەیەکەوە نەمابێت، ناکرێت.

تۆ دەبێ بۆ ئەوەی کە خراپ مامەڵەت لەگەڵ کراوە، بەڵگە بێنییەوە، ڕێگەکانی سەلماندنی خراپ مامەڵەکردن بریتین لە وتە و دەربڕینەکانی تۆ یان وەرگرتنی ئاگادارنامە لە پزیشک، ناوەندی قەیران، دەروونناس، ناوەندی تەندرووستی، هاوڕێی کچ یان هەر کەسێکی تر کە شایەتی خراپ مامەڵەکردن بووە.

پێویست ناکات بارودۆخەکان ڕاپۆرت بدەن، بەڵام دەبێ لەگەڵ پۆلیس قسە بکەن. ئەوجار ئەوان بە پێی دەربڕین و بەڵگەکانی تۆ ڕاپۆرتێک دەنووسن کە هاوڕێ لەگەڵ داواکارییەکەی تۆ دەنێردرێتە فەرمانگەی کۆچ¬کردنی نەرویژ (UDI).

**تۆ تەنیا کاتێک شیاوی یارمەتی وەرگرتن لە پارێزەرێک دەبی کە وەها داواکارییەک ڕەت کرابێتەوە.**



# 4. ڕاگەیاندن بە پۆلیس

گەر دەستدرێژی یان تاوانەکانی تری تاوانباریت لەسەر کراوە، بە دڵنیاییەوە دەبێ بابەتەکە بە پۆلیس ڕابگەیێنی. یەکێکی تر لە هۆیەکانی ئەو ئەمەیە کە گەر بۆ قەرەبووکردنەوەی زەرەر و زیان داواکاری بکەیت وەها ڕاگەریاندنێک پیویستە. لەم بارەوە دەتوانی زانیاری زۆرتر لە ژێر بەشی 9دا بدۆزییەوە.

## 4.1 چۆن بە پۆلیس ڕابگەیێنم؟

تۆ دەبێ لە شوێنێکەوە کە ژیان دەبەیتە سەر و یان لەوێدا نیشتەجێ بوویت لەگەڵ پۆلیس پەیوەندی بگریت. بە بێ پێداویستی بە ڕاپۆرتدانی ڕووداو/ تاکی مافی قسەکردن لەگەڵ پۆلیست هەیە. ئەم ئەگەرە هەیە کە پۆلیس لە بارودۆخی زۆر مەترسیدار وەکوو دەستدرێژی کەسانی ژێر تەمەنی یاسایی و بابەتەکانی دەستدرێژکردنە سەر ناموس لێپرسینەوەی یاسایی ئەنجام بدات. ئەمە بەم واتایەیە کە بەرپرسەکانی حکوومی بە بێ ڕاپۆرتدان لە لایەن تۆ یان هەر کەسێکی ترەوە درێژە بە شیکردنەوەی دۆسییەی خراپ مامەڵەکردن دەدەن. تۆ هەمووکات توانایی هەبوونی هاوڕێیەکەت دەبێت یان دەتوانی لە یارمەت دانی پارێزێک بەر لە راپۆرتی تاوانبارێک سوود وەرگری. تۆ دەتوانی لەم بارەوە زانیاری زۆرتر لە بەشی 7دا بدۆزییەوە.

## 4.2 لە بنکەی پۆلیس چی ڕوو دەدات؟

کاتێک کە دەچییە بنکەی پۆلیس، دەتوانی لەگەڵ پشکنەرێک قسە بکەیت. لە سەرەتادا تۆ دەتوانی سەربەستانە لەبارەی ئەو شتەدا کە ڕووی داوە قسە بکەیت. پشکنەر هەندێک پرسیار بۆ وەدست هێنانی ڕاستییەکان دەپرسێت بۆ ئەوەی بتوانێت بۆ شیکردنەوەی دۆسییەکەت کڵکیان لێوەرگرێت. کەوایە گرینگە کە تۆ هەرچی ڕووی داوە شڕۆڤە بکەیت. چۆنیەتی تاقی کردنەوەی ئەم ڕووداوە لە لایەن خۆتەوە بە وردەکاری تەواو شڕۆڤە بکە. بۆ وێنە، لەوانەیە بیرۆکەیەکی باش بێت کە ئەو شتەی تاقیت کردۆتەوە بنووسی و بیبەیە لای پۆلیس. لە گەڕی لێکۆڵینەوەکاندا، پۆلیس بۆ وەدەستهێنانی بەڵگە بە مەبەستی تاوانبار کردن هەوڵ دەدات.

گەر کەوتوویتە بەر توندوتیژی و برینی بەرچاوت هەبێت، وێنەگرتنی فۆتۆگرافی دەکرێت. گەر دەستدرێژیت پێ کرابێت، پۆلیس دەتباتە ناوەندی خراپ مامەڵەکردن بۆ ئەوەی پزیشک بتوانێت زیانەکانی تۆ بەڵگدار بکات و بەڵگەکان بە جێبەجێکردنی پشکنینی ژنانە تۆمار بکات

هەروەها پۆلیس پرسیارت لێدەکات کە گەر دۆسییەی تاوانبار بکەوێتە گەڕ ئاخۆ دەتهەوێت وەشوێن قەرەبووکردنەوەی زیانەکان لە کەسی دەستدرێژکەر کەویت یان نا. گەر دەتهەوێ ئەم کارە بکەیت، بێ¬گومان ئەم شتە بە پۆلیس بڵێ.

دەبێ ڕاپۆرتەکانی خۆت واژۆ بکەیت. پاشان نامەی پشت ڕاستکردنەوەی ئەم بابەتە کە تۆ ئەم بابەتەت ڕاپۆرت داوە، پێشکەشی تۆ دەکرێت.

لەوانەیە پۆلیس بۆ پاراستنی تۆ هەندێک هەوڵی داڕێژتراو بگەرێتە بەر. بۆ وێنە پاراستن بە شێوەی بڕیاری دانانی سنوور یان لەوانەیە هۆڕنەیەکی ئاگادارکردنەوەت پێ بدرێت

# 5. هۆڕنەی ئاگادارکردنەوەی ئاسوودەیی

گەر هەڕەشەت لێکرابێت یان کەوتبیە بەر توندوتیژییەوە، لەوانەیە پۆلیس هۆڕنێکی ئاگادارکردنەوەی بەخۆڕایی پێشکەشی تۆ بکات. ئەم هۆڕنەی ئاگادارکردنەوەیە بە شێوەی ڕاستەوخۆ بە ناوەندی فریاکەوتنی پۆلیسەوە لکاوە، بە جۆرێک کە تۆ دەتوانی لە کاتی سەرهەڵدانی بارودۆخێکی هەڕەشەلێکەردا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پۆلیسەوە بگریت.

### 5.1 چۆن دەتوانم هۆڕنێکی ئاگادارکردنەوە وەرگرم؟

پێویست ناکات کە تاوانێکی سزادان ڕاپۆرت بدەیت، بەڵام تۆ یان کەسێک لە لایەن تۆوە دەبێ داواکاری هۆڕنەیەکی ئاگادارکردنەوەی ئاسوودەیی بکات.

### 5.2 تاکوو کەی دەتوانم هۆڕنەی ئاگادارکردنەوەی ئاسوودەیی لە لای خۆم ڕاگرم؟

گەر هۆڕنەیەکی ئاگادارکردنەوە بۆ تۆ تەرخان کرابێت، تۆ دەتوانی ئەو بۆ ماوەی سێ مانگ لە لای خۆت ڕاگری. پاش ئەو ماوەیە پۆلیس بە جێبەجێکردنی هەڵسەنگاندنێک لە بارودۆخی ئاسوودەیی تۆ بڕیار دەدات کە ئاخۆ دەتوانی هۆڕنەکە بۆ ماوەیەکی زۆرتر لە لای خۆت ڕاگری یان نا.

# 6. بڕیارەکانی سنوور دانان

### 6.1 بڕیاری سنوور دانان چییە؟

بڕیاری سنوور دانان بەم واتایەیە کە بۆ هەر کەسێک کە دەرکرابێت ڕێگەی پێ¬نادرێت کە لە شوێنێکی تایبەتدا بمێنێتەوە، ناتوانێت لەگەڵ تۆ دیداری هەبێت یان بە شێوەیەکی تر لەگەڵ تۆ پەیوەندی پێک بێنێت. ئەمە لەوانەیە بۆ وێنە، بە شێوەی پەیوەندی تەلەفۆنی، ئیمەیل، نامە یان پەیامی نووسراوە ڕوو بدات. بڕیاری سنوور دانان بە مەبەستی بەرگری کردن لە بابەتی هەڕەشە لێکردن لە تۆ یان کەوتنە بەر توندوتیژی تۆ دەردەکرێن.

گەر تۆ لە زۆر لە مەترسی کەوتنە بەر تاوانێکی سزادانەوە بیت، کەسی لەبەرچاوگیراو لەوانەیە ڕێگەی پێنەدرێت کە لەماڵە هاوبەشەکەی تۆدا بمێنێتەوە.

### 6.2 کێ بڕیار دەدات کە بڕیاری سنوور دانان دەکرێ بۆ کێ دەربکرێت؟

بەرپرسیانی لێپرسینەوە (پۆلیس)، بڕیار دەدەن کە ئاخۆ بڕیاری سنوور دانان دەبێ بۆ کەسێک کە هەڕەشەی توندوتیژی لە تۆ دەکات، دەربکرێت یان نا. وەها بڕیارێکی دانانی سنوورپاشان لە لایەن دادگەوە شی دەکرێتەوە. هەم لە تۆ و هەم لە کەسێک کە فەرمانێک بە دژی دراوە داوا دەکرێت کە لە دانیشتنی دادگادا ئامادە بن، گەرچی تۆ وەکوو قوربانییەک دەتوانی ئامادە نەبیت. پێویست ناکات کە تاوانێک ڕاپۆرت بکەیت تاکوو بتوانی دەستووری سنووردارکردن وەربگریت. لەوانەیە بڕیارێکی سنوور دانان بەم واتایە بێت کە تۆ هەست بە ئاسوودەیەکی زۆرتر بکەیت و بەم شێوەیە، ڕاپۆرتدانی بارودۆخی خۆت بۆ ئاسانتر کاتەوە.

# .7 پارێزەری یارمەتیدانی دادوەری

پارێزەری یارمەتیدانی دادوەری، پارێزەرێکە کە لە ماوەی لێپرسینەوەی پۆلیس و لە هەر دادگەیەک بەر لە ڕاپۆرتدانی بارودۆخ ڕاوێژکاری و یارمەتی پێشکەش دەکات کاتێک کە تۆ وەها بارودۆخێک ڕاپۆرت بدەی.

## 7.1 کەی لە هەبوونی پارێزەرێکی یارمەتیدانی دادوەری سوود وەردەگری؟

گەر تۆ ببیە قوربانی یەک یان چەند بابەت لە هەوڵ و داپەڕەکانی خوارەوە مافی بوونی پارێزەرێکی یارمەتیدانی دادوەریت دەبێت:

- دەستریژیکردن
- گەر بەپێچەوانەی ئارەزووی خۆت هاوسەرگیریت کردبێت (هاوسەرگیری بەزۆری)
- کاتیک کە کەسێک لە ئەندامەکانی بنەماڵە یان ناو ماڵەکەت، توندوتیژی بە تۆ کردبێت یان زۆر خراپ مامەڵەی لەگەڵ کردبی.
- بازرگانی مرۆڤ
- خەتەنەکردنی ژنان
- گەر کەسێک بڕیاری سنووردانان کە سەبارەت بە تۆ بۆ ئەو دەرکراوە، پێشێل بکات هەر ڕووداوێکی تر کە لەودا تۆ لە ئاکامی وەها کردارێک تووشی زیانی جەستەیی یان دەروونی بن

منداڵەکانی تۆش گەر دەستدرێژیان پێ کرابێت مافی هەبوونی پارێزەرێکی یارمەتیدانی دادوەریان دەبێت

.

## 7.2 پارێزەرێکی یارمەتیدانی دادوەری لە چ بابەتێکدا دەتوانێت یاریدەر بێت؟

پارێزەرێکی یارمەتیدانی دادوەری کاتێک کە تۆ خەریکی بیرکردنەوە لەبارەی ئەمەدا کە ئاخۆ دەبێ بارودۆخی خۆت ڕاپۆرت بدەی یان نا یارمەتیت دەدات. ئەو تاکوو بنکەی پۆلیس هاوڕێیەتی تۆ دەکات و دەتوانێت یارمەتی تۆ بدات بۆ ئەوەی ڕووی داوە، بینووسیت.
هەروەها ئەو دەتوانیت داوای بڕیاری سنوور دانان و هۆڕنەیەکی ئاگادارکردنەوە بکات.

پارێزەری تۆ دەتوانێ لە کاتی ناردنی دۆسیە بۆ داداگاش یارمەتی تۆ بدات. ئەو بۆت ڕوون¬دەکاتەوە کە لە دادگادا چ شتێک ڕوو دەدات، بۆ نموونە چ پرسیارێکت لێدەکرێت.

پارێزەرەکەی تۆ مافی ئەوەی دەبێت کە لە هەموو کۆبوونەوەکاندا ئامادە بێت و بەشداری بکات، گەر تۆ پێتخۆش بێت، پارێزەرەکەت دەتوانێت یارمەتیت بدات بۆ ئەوەی لە هەر کەسێک کە ڕاپۆرتت داوە داوای غەرامە و قەرەبووکردنەوەی زیان بکەیت.

گەر تۆ مافی هەبوونی پارێزەرێکی یارمەتیدانی داندراوت هەبێت، ئەم یارمەتییە بەخۆرایی دەبێت و تۆ ناچار بە پارەدانی بەشێک لە خەرجییەکان نابیت.

**7.3 گەر بە تۆ مافی هەبوونی پارێزەری یارمەتیدان نەدرێت و تۆ دەترسی وەک شایەت لە کۆبوونەوەی دادگەی خۆتدا ئامادە بیت، دەبێ چ بکەیت؟**

تۆ دەتوانی لەگەڵ نووسینگەکانی ڕاوێژکاری قوربانیانی تاوان (RKK) پەیوەندی بگری. ئەم نووسینگانە هەموو وڵاتیان داپۆشیوە و لە شارە گەورەکاندا داندراون. نووسینگەکانی ڕاوێژکاری قوربانیانی تاوان پشتگیری تایبەت بە پێشکەشکردنی بەڵگە و شایەت دابین دەکەن و دەتوانن بەر ئەوەی تۆ شایەتێک پێشکەش بکەی یارمەتیت بدەن، و هەروەها بەرپرسەکانیان دەتوانن لە کاتی پێشکەشکردنی بەڵگە و شایەت لە هۆڵی دادگادا ئامادە بن. ئەوان هەروەها دەتوانن یارمەتیت بدەن لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانی تری تایبەت بە شایەت پەیوەندی بگری.

نووسینگەکانی ڕاوێژکاری قوربانیانی تاوان هەروەها دەتوانن چەندین یارمەتی بە شێوەی پەیوەندییەکانی پاڵپشتی، ڕاوێژکاری و ڕێنموونی سەبارەت بە مافەکانی تر و هەروەها یارمەتی لە پەیوەندی لەگەڵ بابەتەکانی وەکوو داخوازی قەرەبووکردنەوە بۆ قوربانیانی توندوتیژی و یارمەتییەکانی یاسایی بێ بەرامبەر(بە خۆڕایی) پێشکەشی تۆ بکەن. ئەوان ناچار بە پاراستنی زانیارییەکانی نهێنین.

تەنانەت ئەگەر پارێزەری یاساییت نەبێت، دیسان گرینگە کە ئاگادار بی کە وەکوو قوربانییەکی توندوتیژی، پێش، لە کاتی دادگا و دوای دادگا بە باشی لە تۆ پارێزگاری دەکرێت.

# ٨ قوربانی بازرگانی مرۆڤ ±مافەکانی تۆ چییە؟

گەر تۆ قوربانی بازرگانی مرۆڤ بوویت و لەم شوێن هەڵاتووی یان دەتهەوێ هەڵێی، دەتوانی بۆ نیشتەجێبوونی کاتی و ئیزنی کار تاکوو 6 مانگ داواکاری بکەیت. بەم خولە دەڵێن تێفکرین و تێڕوانین. پێویست ناکات لەسەر قوربانی مرۆڤ بوون بەڵگە پێشکەش بکەیت. مەبەست ئەمەیە کە تۆ ئەم 6 مانگە بۆ گەڕانەوە بۆ بارودۆخی ژیانی تەندرستدا تێبپەڕێنی و سەبارەت بەمە کە ئاخۆ دەتهەوێ بابەتی خۆت بە پۆلیس ڕاپۆرت بدەی یان نا بیر بکەیەوە.

تۆ دەتوانی لە بەشی کۆچ کردن لە بنکەی پۆلیسی ناوچەی خۆت داواکاری خولێکی بیرکردنەوە و تیڕوانین بکەیت. ئەوان چەندین پرسیار لە تۆ دەکەن، وێنە دەگرن و پەنجە هەڵدەگرنەوە و داواکاری تۆ تۆمار دەکەن و دەینێرنە بەڕێوەبەرایەتی کۆچکردنی نەروێژ(UDI). تۆ دەتوانی کاتێک کە بە مەبەستی داواکاری بۆ خولی بیرکردنەوە و تێڕوانین دەچییە لای پۆلیس، لە لایەن پارێزەری یارمەتیدانی دادوەری خۆت و هەر کەسێکی تر کە بڕوات پێی هەیە هاوڕێیەتی بکرێیت.

گەر بابەتە ڕاپۆرت بدەیت، دەتوانی بۆ ئیزنی نیشتەجێبوون و کاری کاتی 1 ساڵی تر ئەم مۆڵەتنامەیە لەوانەیە دووپاتە .(UDI)داواکاری بدەی بە فەرمانگەی کۆچکردنی نەرویژ کرێتەوە ئەگەر تۆ پێداویستییەکانی پێویستی خوارەوە دابین بکەی: دەبێ بەڵگە لە لایەن پۆلیسەوە پێشکەش بکرێت کە پێشان بدات تۆ لە پەیوەندی لەگەڵ دادخوازی تاوانباری دژی کەسانی پشت پڕۆسەی بازرگانی ناوبراو هاوکاری دەکەی و پۆلیس ئامادەبوونی تۆی لە نەرویژ بە پێویست بزانێت بۆ جێبەجێکردنی لێکۆڵینەوەکانیان و بەڕێوەبەرایەتی کێشەکە.

به جێبەجێبوون لە 1ی نۆڤەمبەری 2008ەوە، یاسای گشتی ئەمەیە کە بە هەموو قوربانیانی بازرگانی مرۆڤ کە لە دادگەی سزاداندا دژ بەو کەسانەی کە بەرپرسی ئەم کارە بوون، بەڵگەیان هێناوەتەوە مۆڵەتی نیشتەجێبوون دەدرێت کە وەکوو بنەمایەک بۆ مۆڵەتی نیشتەجێبوونی بەردەوام و کار لە نەرویژدا کار دەکات. ئەم بابەتە بۆ هەموو نەتەوەکانە. ئەمە بەم واتایەیە کە کاتێک کە پۆلیس لێکۆڵینەوەکانی خۆی سەبارەت بە دۆسییەکە کە تۆ لەودا وەک شایەت/ لایەنی ئازار پەگەیشتوو یارمەتی ئەوانت دەدا، بە ئاکام گەیاند، تۆ دەتوانی بۆ نیشتەجێبوونی بەردەوام لە نەرویژ داواکاری بکەیت.

# ٩. قەرەبووکردنەوە بۆ قوربانییەکانی توندوتیژی

گەر کەوتوویتە بەر ئەو تاوانانەی کە لە خاڵی 1.1دا دەستنیشان کراوە ، دەتوانی لە حکوومەتی نەرویژ داوای قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی قوربانیانی توندوتیژی بکەی.

گەر شیاوی بوونی پارێزەرێکی یاسایی بی، ئەو بۆ پێشکەشکردنی داخوازی قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی ناوبراو یارمەتی تۆ دەدات.

هەروەها یارمەتییەکانی بێبەرامبەری(بەخۆڕایی) نووسینگەکانی نیشتمانی قوربانیانی تاوانی تایبەت بە ئێمەش، دەکەوێتە بەر دەستی تۆ.

ئەگەر کەسێک بە هۆی کاری تاوانبارانەی توندوتیژی ژیانی خۆی لە دەست بدات، لەوانەیە قەرەبووکردنەوەی زیانەکان بدرێتە کەسانێک لە بنەماڵەکەی وەکوو هاوسەر، شەریکی ژیان، منداڵ و یان دایک و باوک کە لە ژیاندا ماون.

گەر بابەتەکە ڕاپۆرتکراوە، بەڵام پۆلیس کەیسەکەی ڕەت کردۆتەوە، لەوانەیە هەندێک جار بەبێ ڕەچاوگرتنی ئەم کێشەیە، قەرەبووکردنەوەی زیانەکان وەرگریت.

ئەگەر شیاوی وەرگرتنی یارمەتی یاسایی نەبوویت، دەتوانی لەگەڵ نووسینگەی ڕاوێژکاری یاسایی تایبەت بە ژنان (JURK) بە ژمارەی 50 2984 22 و یان لەگەڵ نووسینگەکانی ڕاوێژکاری قوربانیانی تاوان بە ژمارەی 077 20 815 پەیوەندی بگری و بۆ پێشکەشکردنی داواکاری قەرەبووکردن بۆ قوربانیانی توندوتیژی یارمەتیان لێ وەرگریت.

بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زۆرتر، سەردانی ماڵپەڕی خوارەوە بکەن:
www.voldsoffererstatning.no

**گەر منداڵەکانی تۆ شایەتی ئەم ڕاستییە بوون کە تۆ کەوتوویە بەر توندوتیژییەوە، لەوانەیە ئەوانیش مافی قەربووکردنەوەی زیان بۆ قوربانییەکانی توندوتیژیان هەبێت.**

دیزاین لە لایەن Ultimatum Design

Krisesenter
sekretariatet

بەرپرسی قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی تاوانباری نەرویژی
هەروەها نووسینگەکانی ڕاوێژکاری -
قوررباتیانی تاوان


Storgata 11, 0155 Oslo
T: 23 01 03 41
W: www.krisesenter.com



نوێکراوەی 2013